

## له يارييەكى چارەنووسازدا

# شێرەكانى هەولێر میوانـــ

**دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ یەکەمجارە لە مێژووی تۆپی پێی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی یەکەم یاری نێودەوڵەتی لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت کاتێك رۆژی چوارشـــەممە لەمیانی یاری هاتنی قۆناغی هەشـــتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی شێرەکانی قەڵای زەرد میوانداری یانەی کوەیت کوەیتی دەکەن لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر.**

رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com



### نۆژنكردنەوەى ياريگا

پێـــش باســـکردنی یارییەکە دەبێ باســـی چۆنیەتی ئامادەکردنی یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری بکەین، کە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێـــر توانیان لە ماوەیەکـــی زۆر پێوانەییدا چیمەنی یاریگا بگـــۆڕن بۆ چیمەنێکی زۆر پێشکەوتوو لەسەر سیستەمی جیهانی، ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ وەرزشی شاری هەولێر هەرچەندە رەخنەیەکی زۆر ئارســـتەی یانەی هەولێر کرا بە بیانووی ئەوەی کەوا ناتوانن لەم ماوە کورتدا چیمەنی یاریگا بگۆڕن، بەڵام بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر ئەم چیمەنە گۆڕا لە هەمان کاتدا شوێنی خۆگۆڕینی یاریزانەکان بۆ سیســـتەمی جیهانی گۆڕا بەهەمان شێوە شوێنی خۆگۆڕینی ناوبژیوانان لە هەمان کاتدا سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ دەنگ لە نێو یاریگا دادندرا ئەمەش سیســـتەمێکی پێشکەوتووە، وا بڕیارە لە دوا رۆژدا شاشەیەکی ئەلیکترۆنی لە نێو یاریگا دابندرێت بۆ ئەوەی نۆژنکردنەوەی یاریگا بە فەرمی تەواو بێت، بۆیە پاراســـتنی ئەم یاریگایە ئەرکی هەموو هاندەرانی شـــاری هەولێرە لە گشت یاری و بۆنە فەرمییەکان.

### خۆ ئامادەكردنى شێرەكانى قەڵاى زەرد

شـــێرەکانی قـــەڵای زەرد دوای گەڕانەوەیان لـــە وڵاتی کوەیت بە فەرمی رۆژی سێشـــەممی رابردوو دەســـتی بە ئۆردوگایەکی مەشقی کرد لە شـــاری هەولێر بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئەم یارییە ئامادە بکات هەرچەندە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بڕیاریدا یاریزان لوئەی ســـەڵاح بۆ شەش مانگ ســـزا بدرێت، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست بۆ ئەوەی یاریزانەکانی تر شوێنی ئەم یاریزانە پڕ بکەنەوە، هەرچەندە یانەی هەولێر لە یاری چوون بـــە ئەنجامێکی زۆر باش گەڕایەوە کوردســـتان دوای ئەوەی بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ یەکسان بوون، بـــەڵام یاری رابردوو تەنیـــا گێمی یەکەم بوو و گێمی دووەم لە یاریگای شـــەهید فرەنسۆ هەریریە دەبێ یاریزانەکان و دەســـتەی راهێنەران ئەنجامی یاری رابـــردوو لە یاد بکەن بۆ ئەوەی لەم یارییە بـــۆ بردنەوە یاری بکەن نەوەك هەر لە سەرەتای یارییەکە بە بەرگری یاری بکات دوای تووشی کێشە بین و نابێت لەم یارییە هەل بدرێتە یانەی کوەیت بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر یانەی هەولێـــر، چونکە قەڵای زەرد کێشـــەیەکی زۆر گەورەی هەیە لە هێڵی بەرگری و تا ئێســـتا ئەم کێشەیان چارەسەر نەکردووە، رەنگە یانەی هەولێر بە پلانی (٣-٤-٣) یاری بکات، چونکە ئەم پلانە زۆر گونجاوە بۆ ئـــەم یارییە، لە هێڵی بەرگری هەریەکە لە یاریزانان (یاسر رەعد – نەبیل عەباس – عیسام یاســـین "رافد بدردین") یاری بکات و لە هێڵی ناوەراست (حوسێن عەبدولواحید (ئەحمەد کوبـــی) – ســـەهل نەعیم – ویســـام زکی – مەهدی کەریم) یاری بکات و لە هێڵی هێرشبەر هەریەکە ( ئەحمەد ســـەڵاح – موســـلم موبارك – هەڵگورد مەلا محەمەد ) یاری بکات، ئەمە تەنیا پێشـــبینی رەنگە راهێنەر گۆڕانکاری تێدا بکات، بەڵام زۆر گرنگە لەم یارییە هەڵەی یاری رابردوو دووبارە نەکەنەوە ســـوود لە یاریزان ویسام زکی وەربگرین لـــە لای چەپ چونکە مەهدی کەریم هەرچەندە ئاستێکی زۆر باشی نیشاندا لە یـــاری رابردوو، بەڵام نەیتوانی لەم باڵە ئاســـتی



## بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا

# ــداری کوەیت کوەیتی دەکەن

راستەقینەی خۆی نیشان بدات، ئەوەی جێگای سەرنجە راهێنەر سائیر ئەحمەد لە کاتی دەست پێکردنی یاری تا کۆتایی هاتنی یارییەکە هەر بە یەك پلان یاری دەکات ئەمەش هەڵەیە، چونکە دەبێ راهێنەر لە کاتی یاریکردن شێوازی یاری لە نێو یارییەکە بگۆڕێ لە کاتی پێویست بۆ ئەوەی تیپی بەرامبەر نەتوانێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی یارییەکە بکات.

### خۆئامادەکردنی یانەی کوەیتی کوەیتی

جەماوەری یانەی کوەیت بەهیچ شێویەك لە ئاستی یانەکەیان رازی نینە دوای ئەوەی لە دواین یارییدا یانەی کوەیت لە نێو یاریگای خۆیدا بەرامبەر یانەی (وصل ئیمارات)ی بە ئەنجامی (٢-١) دۆڕا لەمیانی یارییەکانی جامی یانەکانی کەنداو، ئەم ئەنجامە بووە هۆی ئەوەی رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی دەستەی کارگێڕی یانە و راهێنەری یانەکەیان بکات، هەرچەندە دوای ئەم یارییە دەستەی کارگێڕی یانەی کوەیت کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لەگەڵ یاریزانەکان و راهێنەری یانە ئەنجامدا، کە تیایدا یاریزانەکان بەڵێنیان داوە لە یاری داهاتوو بەرامبەر یانەی هەولێر سەرکەوتن تۆمار بکەن، بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە یانەی کوەیت کوەیتی لە گشت یارییەکان کە لە نێو یاریگای خۆی ئەنجام دەدات ئەنجامەکانی وەکو پێویست نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە گشت ئەنجامی یارییەکانی کە لە دەرەوەی یاریگا ئەنجام دەدات ئەنجامی زۆر باش بە دەست دەهێنن یاخود سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، بۆیە دەبێ یانەی هەولێر زۆر ئاگادار بێت لەم خاڵە، هەروەها یانەی کوەیت لەم یارییە پشت بە هێرشی پێچەوانە دەبەستێت بۆ تۆمار کردنی گۆڵ، چونکە چەندین یاریزانی بە توانا و خێرا و گۆڵکاری هەیە وەکو ئیسماعیل عەجمی و ئەحمەد عەجب و رۆجیرۆ، یانەی کوەیت لە مەشقەکانییدا کاری لەسەر خاڵە لاوازەکانی یانەی هەولێر کردووە لە هێڵی بەرگری و پلانێکی توکمەی بۆ ئەم یارییە داناوە رەنگە بە پێکهاتەی (٤-٤-١-١) یاری بکات ئەویش پشت بە یاریزانان ( موسعەب کەندری گۆڵچی ) و هەریەکە لە ( عەبدوڵڵا مەرزوگی – ئەحمەد عەیدان– فەهد عەوز-حوسێن حاکم) لە هێڵی بەرگری و ( ئیسماعیل عەجمی – رۆجێرۆ – وەلیدعەلی – جەراح عەتیقی – عەبدولرەحمان عەزی ) لە هێڵی ناوەڕاست و (ئەحمەد عەجب) لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات.

### هاندەر ژمارە یەکە لە نێو یاریگا

لای هەموو کەسێك ئاشکرایە کە هەر یانەیەك کە لە یاریگای خۆی یاری بکات پشت بە جەماوەرەکەی دەبەستێت بۆ ئەوەی پشتگیری بکات لە یارییەکە و زۆر لە پسپۆران دەڵێن جەماوەر ژمارە (١٢)یە لە نێو یاریگا، بەڵام یاریدەدەری راهێنەری یانەی هەولێر ئەحمەد خەلەف گوتی: هاندەرانی یانەی هەولێر دەبێتە ژمارە یەك لە نێو یاریگا، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە یانەی هەولێر بە تەواوی پشت بە هاندەرەکانی دەبەستێ لەم یارییە گرنگ و مێژووییەدا، دەبێ خەڵکی شاری هەولێر و کوردستان ئەوەی وەرزشوانە و وەرزشوان نییە پشتگیری لە یانەی هەولێر بکات لەم یارییە، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانییە پێش هەموو شتێك هەر سەرکەوتنێك سەرکەوتنە بۆ کوردستان خودی سەرۆك بارزانی و رێزدار نێچیرڤان بارزانی کە بایەخێکی یەکجار زۆر بەم یارییە دەدەن، بۆیە دەبێ هاندەرەکانی شاری هەولێر بە تەواوی لەم یارییە ئامادە بن و پەیژەکانی یاریگا پر بێت لە جەماوەر و بە جوانترین شێوە (٩٠) خولەك هانی یانەی هەولێر بدەن بە بێ وەستان، ئەوەی جێگای دڵخۆشیە بۆ جەماوەری هەولێر یارییەکە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە ئەنجام دەدرێت و نرخی بلیتی یاریگا بۆ هەموان گونجاوە ئەویش (٥) هەزار دینارە، ئەم یارییە لە کەناڵە عەرەبیە جیاوازەکان دەگوازرێتەوە بۆیە دەبێ هاندەران لەم یارییەکە شێوازێکی تازە بۆ هاندان پەیڕەو بکەن هیچ شتێکی دوور لە گیانی وەرزشی بەکار نەهێنن لە بردنەوە و دۆڕان هەر لە هاندان بەردەوام بن، چونکە ئەنجامدانی ئەم یارییە لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنە بۆ وەرزشی کوردستان و دەبێتە پەیامێك کە هەرێمی کوردستان ئارامە و ئامادەیە بۆ پێشوازیکردنی هەرە جۆرە پاڵەوانیەتیەکی نێودەوڵەتی.



## رۆبن ناهێڵێ ریبیری




یانەی ریـــال مەدرید ماوەیەکی زۆرە هەوڵ دەدات بۆندێك لەگەڵ یاریزانی یانەی بایرەن میونیخ و هەڵبژاردەی فەرەنسا فرانك ریبیر مۆربکات بۆ ئەوەی لە ریزی یانەی شاهانە یاری بکات، بەڵام یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و ئێستای بایرەن

## بەرشە چاوی




یانەی بەرشـــلۆنە چـــاوی بردۆتە یاریزانی یانـــەی یۆڤنتوس محەمەد سیســـۆکۆ کە بە رەگەز مالییە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، ئەم یاریزانە ئێستا تووشی پێکان هاتووە و لە هیچ یارییەك یـــاری نەکردووە لەگەڵ یانەی یۆڤنتوس لە خولی ئیتاڵیا و خولی پاڵەوانانی ئەوروپا، بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە لەگەڵ

## کوڕەکەی دیل بۆسکی



راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا و پێشووی یانەی ریال مەدرید فیسینت دیل بۆســـکی لە لێدوانێکیدا گوتی: یەکێك لە کوڕەکانم زۆر سەرشێتی یاریزان رائوول گۆنزالێســـی یاریزانی یانەی ریال مەدرید و پرسیاری لێ کردم بۆ یاریزان رائوول بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ناکەی؟

منیـــش وڵامم داوە گوتم: ئێســـتا یاریزانی زۆر بـــە توانا لە هێڵی

## هامسێک شوێنی




رۆژنامەی ( MATTINO II) کە لە شـــاری ناپۆلی ئیتاڵیا دەردەچێت لە راپۆرتێکیدا بڵاویکردووە کە یانەی مانچســـتەر یۆنایتد چاوی لە یاریزانی یانەی ناپۆلی و هەڵبژاردەی ســـلۆفاکیا مارك هامسێکە بۆ ئەوەی لە ریزی شـــەیتانە ســـوورەکانی یاری بکات، لە درێژەی راپۆرتکیدا گوتی: راهێنەری شـــەیتانە سوورەکان سێر ئەلێکس فێرگسۆن بایەخێکی یەکجار زۆر بەم یاریزانە دەدات بە جێگرەوەی پۆڵ سکۆلزی ناو دەبات، چونکە هامێسك لە نێو یاریگا

## شەڕی دێربی ئیسپانیا



لای هەمووان ئاشکرایە کە یاری دێربی نێوان هەردوو یانەی بەرشـــلۆنە و ریال مەدرید بە دێربی جیهان ناوبانگ دەبردرێت و جەماوەرێکی زۆر لە جیهان چاوەڕوانی ئەم یارییە دەکەن، بەڵام ئەمســـاڵ هەر زوو یاری دێربی دەستی پێکرد ئەویش لە نێوان ســـەرۆك و دەســـتەی کارگێڕی هەردوو یانە، سەرەتا سەرۆکی یانەی ریـــال مەدرید فلۆرنتینۆ بێریز لە کاتی ئاشـــکراکردنی قەرزەکانی یانەی شـــاهانە گوتی: یانەی ریال مەدرید بەهۆی کڕینی چەندین یاریزانی بە توانا وەکو کاکا و کریستیانۆ رۆناڵۆ و کەریم بنزیما و چەندین یاریزانی تر یانەکەمان تووشی قەرزێکی زۆر بـــووە ئەویش نزیکەی (٣٢٧) ملیۆن یۆرۆ قەرزدارە، بەڵام

## بچێتە ریال مەدرید

میونیـــخ رۆبن گوتی: من حـــەز ناکەم ریبیری بچێتە ریال مەدرید، چونکە تام لە یاریکـــردن وەردەگرم کاتێك لەگەڵ ریبیری یاری دەکەم بۆیـــە ئامۆژگاری ریبیری دەکەم کە نەچێتە یانەی شاهانە لە وەرزی داهاتوو.

## لە سیسۆکۆیە

هەڵبژاردەی مالی بەشـــداری جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا بکات لە ئەنگۆلا، بەرشـــە زۆر بایەخ بەم یاریزانە دەدات، چونکە گەر بۆندی لەگەڵ مۆربکات ئـــەوە دەتوانێ لە خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ بەرشـــلۆنە یاری بکات، ئەم یاریزانە پێشـــتر لە یانەی لیڤەرپوول یاری کردووە و تەمەنی (٢٤) ساڵە.

## داوای رائوول دەکات

هێرشـــبەری هەڵبژاردەی ئیســـپانیا هەیە بۆیە ناتوانم بانگهێشـــتی هەڵبژاردەی ئیسپانیای بکەم چونکە ئاستیان زۆر لەو باشترە .

چاودێـــران وای بۆ دەچن ئەم لێدوانی دیل بۆســـکی نامەیەکە بۆ رائوول کە زۆر زەحمەتە لە جامی جیهانی (٢٠١٠) لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا یاری بکات.

## سکۆڵز دەگرێتەوە

زۆر بـــە هێز یاری دەکات و هەروەها فێرگســـۆن پێشـــبینی ئەوە دەکات کە هامســـیك دوا رۆژی شەتانە سوورەکانە، هەمان رۆژنامە ئەوەی ئاشکرا کرد کە نوێنەری یانەی مانچســـتەر یۆنایتد ئامادەی چەنـــد یارییەکی یانەی ناپۆلی بووە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەیری ئاستی ئەم یاریزانە بکەن.

جێگای باسە هامســـێك تەمەنی (٢٢) ساڵە و لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات.

## لە ئێستاوە دەستی پێکرد

ئەم نابێتە هۆی مەترســـیدار لـــە ماوەیەکی نزیکدا ئەم قەرزە کەمتر دەکەینەوە.

دوای ئـــەم لێدوانی بیرێز راســـتەوخۆ جێگری ســـەرۆکی یانەی بەرشلۆنە ســـالا مارتن وڵامی بێریزی دایەوە گوتی: ریال مەدرید پارەیەکی یەکجـــار زۆری لە کڕینی یاریزانەکان ســـەرفکردووە و قەرزی کردووە، بـــەڵام ناتوانێ ئەم برە قەرزە بداتـــەوە بۆیە ناچار دەبێت یانەکەی بۆ ملیاردێرکی رووســـی یاخـــود ملیاردێرکی بیانی بفرۆشـــی بۆ ئـــەوەی قەرزەکانی بداتـــەوە یان دەبێ یانەی ریال مەدرید بگۆردرێت بۆ کۆمپانیا تاوەکو قەرزەکانی بداتەوە.

**چالاك ئەکرەم:**

# گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان بەرەو نەمان دەچێ



**یەکێکـــە لـــە یاریزانە بە تواناکانی کوردســـتان و عێراق لە یـــاری گۆڕەپـــان و مەیدان چەند ساڵێك پاڵەوانی کوردستان بوو و هەروەهـــا عێراقیش، ئەم یاریزانـــە هـــەر لـــە منداڵیەوە خولیای وەرزش بوو، ســـەرەتای وەرزشـــی لە تۆپی پێی دەستی پێکـــرد، بـــەڵام بەهـــۆی ئەو جەستەیی کە بۆ یاری گۆڕەپان و مەیـــدان گونجـــاوە بڕیاریدا ئەم یارییـــە هەڵبژێریت، چاڵاك ئەکرەم یاریزانی راکردنی (١٠٠ – ٢٠٠)م، لەسەر ئاستی عەرەبی لە ساڵەکانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) پلەکانی ســـێیەم و یەکەمی بە دەســـتهێناوە بـــۆ دوو جار، لەم ماوەیدا تووشی پێکانی ســـەخت هات بۆ هۆی لە هەڵبژاردەی عێـــراق دووربخرێتەوە، ئێمەش بە پێویســـتمان زانی لە نزیکەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازبدەین.**

*** چۆن دەروانیتە دوا رۆژی یاری گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من باش نابێت، گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان بەرەو نەمان دەچێ.

*** هەست بە چی دەکەی ئەو کاتەی پلەی یەکەم وەردەگریت؟**

- هەست دەکەم کەوا کارەکان لێرەو دەست پێ دەکات بۆ جێگای بەرز، چونکە بە دەســـتهێنانی پلەی یەکەم ئاسانە، بەڵام پارێزگاری کردنی لەم پلەیە زۆر قورسە.

*** وەرزش بۆ تۆ چ دەگەیێنێ؟**

- ململانێ و خۆشەویستی و ئاشتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

*** حەز دەکەی بگەیتە ئاستی کام یاریزان لە دوا رۆژ؟**

- کەس دەست نیشان ناکەم، بەڵام زەمینە خۆشە گەر هەبێ حەزم هەیە لە ململانێی نێودەوڵەتیی بەشداری بکەم.

*** هەســـت بە چی دەکەی کە بـــۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشـــت کرای؟**

- هەمـــوو یاریزانێك حەز دەکات بگاتە ئاســـتی هەڵبژاردەی عێراق، کاتێك کە بانگهێشـــت دەکرێت هەســـت دەکەیت ماندوو بوون و رەنجەکەت بـــە فیرۆ نەچووە و دواتریش وا دەزانم خاوەنـــی باخێکم بەرهەمەکەیی و داهاتەکەیشی بۆ وڵاتەکەمە.

*** بەرای تۆ راهێنەری بیانی باشترە یان خۆماڵی بۆچی؟**

- ســـەردەمێك هەبوو لە عێراق ئێســـتا پێی دەڵێن ســـەردەمی زێرین چونکە ئەوەندە دەســـتکەوت هەبوو لە هەمـــوو بوارە جیاجیاکاینی وەرزش هۆکارەکەشـــی بۆ راهێنەری بیانی دەگەرێتەوە وپێشم وایە دەبێ دووبارە بگەڕێینەوە ســـەر ئـــەو عەقلیتە بۆ ئەوەی ســـەردەمێکی زێرینی دیکە دروست بکەین.



## دیگۆ:

# یاریکردن لە مۆندیال گەورەترین خەونمە

***لە وڵاتێکی کە بەرهەمەکەی دروستکردنی یاریزانی تۆپی پێیە ئەویش وڵاتی بەرازیلە ئەم وڵاتە چەندین یاریزانی بە توانای دروستکردووە بە ئاست بەرزی و تەکتیکی جوان باشترین یانەکانی جیهانیان کردۆتە لانەی خۆیان ئەویش یاریزان دیگۆیە کە بەگەورترین بۆندی ئەمسـالی خولی کالیشـۆیە، ناوبراو یاری لە چەندین یانەی بەناوبانگ کردووە و چەندین نازناوی بۆ بە دەستهێناون لەم دوایە بووە بالیۆزی کارە خێرخوازییەکان لە بواری منداڵان سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە دوایین هەواڵی یاریزانی ناوبراو بەباشمانزانی لای خۆمان بڵاویکەینەوە.***

*** چوونت بـۆ یانەیەکی ناوداری وەکو یۆڤانتس چی بۆ تۆ دەگەیەنێ؟**

- یۆڤانتـس وەکـو هەمـوو یانەیەك بە دوای یاریزانـی باش دەگەڕێت و بۆندی سەرکەوتوو مۆردەکات بۆ ئەوەی بتوانێ جارێکـی دیکـە بگەڕێتـەوە گۆڕەپان و کۆکردنـەوەی نازنـاوەکان و دەبێ بۆ چاودێران بسـەلمێنم کە من شایسـتەی ئەوەم کە لە یۆڤانتس یاری بکەم.

*** هەسـت بە چی دەکەی کە لە خولی یانـە پاڵەوانەکانی ئەوروپـا رووبەڕووی کاکا و رۆناڵدۆ دەبیتەوە؟**

- ئەمـە شـتێکی دڵخۆشـکەرە کە لە یانەیەکی گەورە یاری بکەیت و رکابەری لەسەر نازناوەکان بکەینو گشت یاریزانێك خۆشحاڵە کە لە بەرامبەر یانەیەك یاری بکەیت کە کاکا و رۆناڵدۆی تێدایە.

*** هەست بە چی دەکەیت کـە گەیشـتوویتە لووتکەی ئاستی یاریکردن؟**

- بەڕاسـتی زۆر هیـلاك بـووم کە ئەو سێ سـاڵەی لە خولی ئەڵمانیا یارییم دەکرد، تۆپی پێـی ئەڵمانیا زۆر بەهێزە و سودێکی زۆرم وەرگرت و ئاستم زۆر بەرزبـوو و من وای بۆ دەچم من لە کاتێکی باش پەیوەندیم بە یانەی یۆڤانتس کردووە.

*** رۆیشتنی چەندین ئەستێرە لە یۆڤانتس کاریگەری نابێتە سەر ئاستی یانەکەتان؟**

- بەڵێ، وازهێنانی باڤیل نیدڤید زیانێکی گەورە بوو بۆ ئێمە چونکە یاریزانێك بوو سـەنگی خۆی لە یاریـگا هەبوو، من رێز لە یانـەی ئەنتەر دەگرم کە چەندین ئەسـتێرەی ناوداری تێدایە، سـەرەڕای ئەمانـەش لە تواناماننـدا هەیە نازناوی ئەمساڵ ببینەوە.

*** بـەڕای تۆ یانەی نوێـت دەتوانی لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئەوروپا شـتێك بە دەست بهێنێ؟**

- دەست پێکردنی هەر پێشهاتێك لە هاوین دەبێ، بەڵام سەبارەت بە یانەکەمان لە کاتی دەسـت پێکردنـی وەرزی ئەمسـاڵ دەبێ ئەمەش یەکسـاڵی دەوێ و دەتوانیـن لە وەرزی ئەمسـاڵی خولی ئەوروپا شتێکی باش وەربگرین.

*** لـە کـەش و هـەوای برادەرەکانت راهاتووی؟**

- پێویستم بە کات هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام زۆری ناخایانیێ.

*** لەبەرچی ئیتاڵیات هەڵبژارد و رووت لە ئیسپانیا و ئینگلتەرە نەکرد؟**

- خولەکانـی هـەر سـێ وڵات زۆر بەهێزن و رکابەریەکی شـێتانەی تێدایە، بەڵام خۆشەویسـتی پێشـترم بۆ خولی کالیشۆ وای لێکردم روو لە ئیتاڵیا بکەم یاریکردنی لە شێوازی یاریکردنی بەرازیل دەچێت و تەکتیـك و تەکنیکی لەگەڵ خولەکانی دیکە جیـاوازە و بۆ زانینتان من هەر لە منداڵیەوە هاندەری کالیشـۆم و لە خوا بەزیاد بێت من بەشێکم لەوان و یەکێك لە خەونەکانم هاتە دی.

*** ریـال مەدریـد (٦٨) ملیۆن یۆرۆی بە کاکای برادەرت دا،**

**ئایا کاکا شایستەی ئەو برە پارەیەیە؟**

- کاکا لە یاریزانە ئاست بەرزەکانە و ئەستێرەیەکی لێهاتووە و خاوەن بەهرەیەکی زۆر باشە،بەڵام ناتوانم بڵێم شایستەیە یان نەخێر ئەمە بۆخودی یانەکە دەگەڕێتەوە.

*** یۆڤانتس بڕی (٣٠) ملیۆن یۆرۆی بە تۆ دا، ئایا شایستەی ئەو برە پارەی؟**

- لەوانەیە ئەمەش بەشێکە لەو خزمەتەی پێشکەشم کردووە بە تایبەتی ئاستی بەرزی ئێستام و دەتوانم چەند ساڵێکی دیکە لەسەر ئەو ئاستە بەردەوام بم و دەبێ چاوەڕوانیش بکەین، بەڵام بە تەئکید من شایستەی ئەو پارەیەم.

*** چۆن ئەو سێ ساڵەی لەگەڵ یانەی بریمەنی ئەڵمانی هەڵدەسەنگێنی؟**

- یادەوەریە جوانەکان لە دڵم دەمینێ و بە تایبەتی لە یاریگا بە تایبەتی ئەو گۆڵەی لە ناوەراستی یاریگا دژی هامبۆرگ تۆمارم کرد.

*** ئەو خەونەی بەنیازیت بێتە دی؟**

- بەشداریکردنی لە مۆندیال و بە دەستهێنانی نازناوەکەش، ئەو کاتەی دریسی هەڵبژاردەی وڵاتەکەت لەبەر دەکەی ئەو خۆشیە قەت لەبیر ناکرێ بۆ جارێکی دیکە بانگهێشت کردنم بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل خەونی سەرەکی منە.

*** بۆ نازناوی تۆپی زێڕین دەنگی خۆت بە چ یاریزانێك دەدی؟**

- بۆ میسی لەبەر ئەوەی توانی هاوکاری بەرشە بکات بۆ بە دەستهێنانی چەندین پاڵەوانیەتی.

*** وەکو بالیۆزی یۆنیسیف ئەرك و بەرپرسیاریت چی دەبێ؟**

- ئیمانم بەو کارە هەیە و هەوڵ دەدەم باری تەندروستی و ژیانی لێقەوماوان و هەژاران باش بکەم و یارمەتیان بدەم.

*** هۆی چی بوو ئەو پۆستەت قەبوڵ کرد؟**

- بەرای من ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من و هەست بە خۆشیەك دەکەم چونکە لە رێگای ئەو کارەم یارمەتی هەژاران دەدەم و سوپاسی بەرپرسانی یونیسیف دەکەم کە ئەو متمانەیان بەمن بەخشی ئەو پۆستە گرنگەیان بە من دا.





### پێناسەی دیگۆ

- ناوی دیگۆ ریڤاس داکۆستایە
- لە (٢٨-٢-١٩٨٥) لە بەرازیل لە دایکبووە.
- درێژی (١٧٥)سم و لە ناوەڕاست یاری دەکات.
- ئێستا لە یانەی یۆڤانتس یاری دەکات.
- لە تازەپێگەیشتووانی سانتۆس دواتر لە تیپی یەکەمی سانتۆس ساڵی (٢٠٠٢) تا (٢٠٠٤) دواتر یانەی پۆرتۆی پورتوگالی ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٦) پاشان لە یانەی ڤێردەر بریمەنی ئەڵمانی لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٩) دواجاریش ساڵی (٢٠٠٩) پەیوەندی بە یانەی یۆڤانتس کرد.



### نازناوەکان

- لەگەڵ سانتۆس خولی یانەکانی بەرازیلی ٢٠٠٢ وەرگرتووە
- لەگەڵ پۆرتۆی پورتوگالی جامی سوپەری پورتوگالی لە ساڵی (٢٠٠٤) و خولی یانەکانی پورتوگاڵی ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) ی وەرگرتووە.
- لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل جامی ئەمەریکای باشوورلەژێر تەمەنی ١٧ساڵیدا ساڵی (٢٠٠١)، لە ساڵی (٢٠٠٢) جامی خولی تۆلۆنی بردەوە، لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکای بردەوە، مدالیای برۆنزی ئۆلۆمپیادی پکین ساڵی (٢٠٠٨)ی بردەوە.